**توندوتیژی پیاو...** و. مەرزە جەوانمەرد

**دەستپێك**

لە ساڵی 1980 لە شاری Duluth دالات، لە Minnesota مینێسوتا، قەتڵێکی وەحشیانە قەوما. دوای ئەم ڕووداوە The Duluth Abuse Intervention Project (DAIP) "پڕۆژەی بەرگری توندوتیژی دالات" بە مەبەستی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بە تاقیکردنەوەی مێتۆدێکی نۆ هەستا، کە تێدا ئەم گرفتە واتا توندوتیژی پیاو لە ئاست هاوسەرەکەی بە وردی شیبکاتەوە.
کارمەندەکانی (DAIP) تاوتۆی ئەم بابەتەیان کرد و، هەوڵیان دا و کاریان کرد تاکوو ڕێکخراوەکانی چاودێر لە یاسا و ڕێسا، سیستەمی داد و، بەڕێوەبەرانی بنکە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی ڕازی بکەن کە بە جێگەی ئەوەیکە لێکۆڵینەوەیەکی هاکەزایی لەسەر کەموکوڕی سیستەمی مەوجود بکەن، ئیزنیان پێبدرێ پشکنینێکی چڕوپڕ لەسەر کارەکانی پولیس، دادگە و، بنکەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵگا بکەن و بزانن هەڵسوکەوت و کاریان لە پێوەندی لەتەك ئەم دیاردەیە چۆن بێ. لە مێتۆدی پڕۆژەکەدا بەڵگە هاتبووە، کە بتوانرێ ڕوو لە بەرپرسان بکرێ و، قورسایی بخسترێتە سەر دەستێوەردانی کۆمەڵگا، نەك سەر ژنی لێدراو. لە ماوەی ساڵێکدا پێشەکی و تاکتیکی پڕۆژەکە گەشەی کرد و، تاقیکردنەوەییەکی کۆمەلایەتی وەکارکەوت.
بە هۆی زیادبوونی زۆری ژمارەی گیراو و شکایەت لێکراوان، شاری دالات تووشی شیکردنەوەی گرفتێکی گەورەتری تر هات: ئیمە دەبێ لە تەك تەواوی ئەو پیاوانە چ بکەن؟ دادگە هەوڵیدا ئەو کەسانەی کە بارودۆخێکی وەها دشوار نییە و، بۆ یەکەم جار یاساشکێنی دەکەن، بڕیاری سەزای زیندانیکردنیان لەسەر نەدا، بەڵکوو دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنێ کە بتوانن خۆیان بگونجێنەوە.
ئێمەبە مەبەستی هەڵسەنگاندن، پێداچوونەوە و گەشەکردنی پڕۆژەکەمان واتا پلانی ڕاهێنانەکەمان داوامان لە گروپێکی بچووکی چالاکانی جولآنەوەی ژنان کرد کە بێنە شاری دالات و، ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرن، تاکوو دوایی لە لایەن گروپێکی چالاکی ڕوایژکاری بنەماڵە کە لە لایەن دادگەوە دەستوریان پێدراوە بەکار بهێندرێ و بکرێ بە هەوڵێکی چاکسازی. گروپی ڕاسپاردەی هەڵسەنگاندن، خاڵی دەستپێکی پلانەکەی ئێمەی کە بەمە دەستیپێدەکرد - چ شتێك لە پشت فەلسەفەی ئەم دیاردە دا هەیە- بەدڵ نەبوو. ئەوان ئێمەیان ڕێنمۆنی کرد کە خاڵی دەستپك بە پرسیارکردن لە ژنە لێدراوەکە ڕا دەستپێبکا:
_ بۆ، ئەو بووتە تابلۆی نیشانەی لێدانی پیاوەکە؟
_ توندوتێژی پیاوەکەی لا ئاست تەرازی دەسەلآتی چ کاریگەرییەکی لە پێوەندی ئەواندا هەیە؟
_ ئەو واتا پیاوەکە کاتێك لێدەدا دەیهەوێ بەم لێدانە ئاڵوگۆڕی لە چ شتێکدا بکا؟
_ بۆ، ئەو واتا پیاوەکە دایم وەها دەزانێ لە پێوەند لە دەسەلآتدا حەق بە ئەوییە؟
_ کۆمەڵگا بە چ شێوەییەك پشتیوانی لە پیاوەکە دەکا کاتێك لە ئەو دەدا؟
تاوتۆی ئەم پرسیارانە و، گفتوگۆیەکی بەردەوام یارمەتیداین تاکوو بتوانین ئانالیز و تێڕوانینی خۆمان بۆ _ کارکردن لەتەك پیاوانی لێدەر ڕێکوپێك بکەین.
لەم چەند ساڵەدا (DAIP) لەتەك هەزاران پیاو کاری کردووە. بە هۆی ئەوەیکە ئێمە چاوەدێری دامودەزگای دادین، دەتوانین گوشار بخەینە سەر سێستەم بۆ ئەوەیکە گومان لە مەدا نەبێ کە بەردەوامی و دووپات کردنەوەی توندوتیژی ئاکامی نەرینی پێوەیە. کە وایە ئێمە ڕێکخراوەیەکین کە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگادا بهێنین و، هاندەربین بۆ بنکەکانی مەوجود و لە ڕێگای خۆیانەوە ئاکامی کارتێکەری و بەشداربوون و نەبوونیان ببیننەوە. ئێمە وەك ڕێکخراوەیەك کە ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ شکایەت لێکراو هەیە تا ئەو جێگایەی بکرێ بە یەکەوە ڕەفتاری لێدان و کوتان و، مەبەست و بیروبۆچوونیان لەم پێوەندییەدا بە شێوەیەکی هەستیار تاوتۆ دەکەین.
ئەم نامیلکەی بەشێکی زۆر لەو مۆدیلە کە بە "مۆدێلی دالات" ناسراوە ڕاڤە دەکا و، باس لە ئەو مێتۆدانە دەکا کە ئێمە لە کاری خۆماندا _ واتا کارکردن لەگەڵ پیاوانی لێدەر- کەڵکی لێوەردەگرین. هیوادارین ئەم نامیلکەیە بتوانی کاریگەری هەبێ بۆ تێگەیشتن لە چونێتێ ئاڵۆزی پرسی لێدان _ بیرو بۆچوون و باوەڕ بە لێدان لە لای کابرای لێدەر و، بزانێ ئەم کردەوەیە چ تەئسیرێك لە سەر ژنەی لێدراو و، لەسەر منداڵەکەی خۆی و لەسەر خۆی دادەنێ.
ئێمە قەت نابێ ئەوە لە بیر بکەین، ژنێك کە لەگەڵ پیاوی لێدەر دەژی و، یان هەوڵدەدا پیاوەکە بە جێبهێڵێ، دایم گیانی لە مەترسی دایە. ئێمە هیچ خەیاڵی ئەمە ناکەین کە زۆربەی زۆری ئەو پیاوەلێدەرانە کۆتایی بە توندوتیژی

خۆیان دەهێنن و، دەسەلآتی لێدان بەلاوە دادەنێن، بەلآم تەواو باوەڕمان بە ئەمە هەیە کە، توانایی گۆڕانکاری لە هەمووی ئێمەدا هەیە.

**مودێلی تیۆری تێگەیشتن لە لێدان**

خولی ڕاهێنان هەرگیز بێ کاریگەری نییە:
تیۆرییەکە لە ڕێنمونی، شێکردنەوە و، شێوەی کارکردن پێکهاتووە و بناخەکە لەسەر ئەمە ساخ بووتەوە کە توندوتیژی بۆ کونترۆڵی ڕەفتاری ئینسان، بکار دەهێندرێ. ئەم تیۆرییە بۆ پلانێك ڕێکوپێککراوە کە بکرێ لە بنکە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگادا بە مەبەستی نەمانی دەسەلآتی لێدەران لەسەر لێدراوان کەڵکی لێوەربگیرێ. هەروەها دەرفەت برەخسێندرێ کە لە باری ڕەفتارییەوە پشکنین لەسەر هەر پیاوێکی تورە و لێدەر ئەنجام بدرێ، تاکوو ئەو کەسە بزانێ بە چ مەبەستێك ئەم هەڵسوکەوتە دەکا و، ئەو ڕەفتارەی لەسەر چ ژێرخانێك دامەزراندووە و، بزانێ کە چ دەرفەتێك هەیە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا بهێنێ و، بتوانێ هەوڵی ئەوە بدا شێوە پێوەندییەکی تر لەگەڵ ژنان بگرێتە بەر.
ئێمە هەموومان لە کولتورێکدا پەروەردە بوون کە نرخ دەدا بە دەسەلات، کولتورێك بەم بۆچوونە کە هێرش بکەینە سەر یەکتر، بە گشتی ئەوە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا خۆی دەنوێنێ. بناخەی خوێندگەکان، کلیسا و، شوێنی کارمان بە تەواوی لەسەر هیراشکی دامەزراون. دژایەتی کردن لەتەك نۆرمەکان پێویستی بە لەخۆبردوویی هەیە. تەواوی ئێمە واتا ئەو کەسانەی کە لە تەك ئەم پرۆژەیە کاردەکەین هەر نەبێ چەند لەم مێتودانەی کە لێدەر بۆ کونترۆڵکردنی هاوسەرەکەی بکاری دەهێنێ، بۆمان جێی سرنج بووە. ئێمە بە باشمان زانی مەبەستی تیۆرییەکە لەم پلانەدا وەلابندرێ، بە جێگەی تێشك بخسترێتە سەر توندوتیژی وەك ئاکامێك لە دڵەڕاوکی، یان قەلس و توورەیی و، یان ناتوانی دەربڕینی هەستەکان. ئێمە وەهامانزانی ئەم کارە دەتوانێ، نەك هەر بۆپیاوەکان، بەلکوو بۆ ئێمەش کە لە پۆلدا وانەبێژین باشتر بێ. بەلآم لە کۆتاییدا بە هەڵە دەرچوو، چوونکو ئینسان سەرکەوتوو نابێ تاکوو دان بەمە دانەهێنێ کە ئەو ژنانەی کە لەگەڵ پیاوێکی لێدەردا دەژین ئەزموونێکی ڕاستەقینەیان لەم دیاردەیەدا هەیە.
ساڵی 1980 ئێمە گەشەمان بە مۆدێلێك دا، کە تێدا هەڵسوکەوتی ئەو پیاوانە کە جیسمەن و ڕووحەن هاوسەرەکانیان وەبەر لێدان و کوتان دەدەن، شیبکرێتەوە. وەك خاڵی دەستپێك، کۆمەڵێك وتوێژمان لەتەك ئەو ژنانە کرد کە لە لایەن ماڵی ئەمنی ژنان لە دالات بەشداری خولی ڕاهێنانیان کردبوو. ژمارەییەکی زۆر لەم ژنانە ڕەخنەیان لەسەر ئەو تیۆرییانە هەبوو کە توندوتیژی تەنیا وەك شتێکی کاتی و یان دەم دەم باسی لێدەکرێ، ئەوان ئەم هەلسوکەوتەیان بە کەرەسەیەکی بەردەوام بۆ ڕاگرتنی دەسەلآت دادەنا. ئەوان توندوتیژی پیاوەکانیان لە پێوەندی لەتەك خویاندا سەداوسەد بە ناتوانی ئەوان لە بەرامبەر دڵەڕاوکی و ، سەرنەکەوتن دانەدەنا، بەڵکوو دەیانگووت؛ ئەوان ئەم کردەوەیە بە مەبەستی زالبوون و کونترۆڵکردنی هەست، بیروبۆچوون و کردەوەی ژنەکانیان بە هەستیارییەوە ئەنجام دەدەن. زیاتر لە 200 ژنی لێدراو لە "دالات" لە 30 خولی ڕاهێناندا بەشداربوون کە بە پشتیوانی ماڵی ئەمن پێکهاتبوو، ئەوان تاوتۆی ئەم پرسیارەیان کرد؛ بۆ ژن لای پیاوێك دەمێنێتەوە کە لێدەدا_ و، "دەسەلآت _بازنەی کونترۆڵ" یان ڕێکوپێککرد کە بنچەی خوو هەلسوکەوتە توندوتیژییەکان تێدا لێك جیادەکرێتەوە و، تەواوی ئەو هەڵسوکەوتانە بە سەر ئەو ژنانەدا هاتبوو کە لەگەڵ پیاوی لێدەر دا ژیابوون. "بازنەی کونترۆڵ و دەسەلآت" ڕووناکی دەخاتە سەر ئەم ڕاستییە، کە توندوتیژی بەشێکە لە ڕەفتارێکی بەردەوام نەك حاڵەتێکی جار بەجار، یان ڕووداوی تاك تاك کە بە هۆی هەڵچوون و، قەڵسی و تورەیی ناوبەناو یان دڵشکان و ئاجزی و، یان هەستی ئازارهێنەر سەر هەڵبدا.

توندوتیژی فیزیکی، سێکسوئێلی

لەوانەیە زۆر جار ئاوا نەبێ کە پیاوی لێدەر، لێدانەکەی فیزیکی یان جنسی"سێکسوئێل" بێ. "بازنەی کونترۆڵ و دەسەلآت" باس لە مێتۆدەکانی تری لێدان (بۆوێنە، لێدانی نەفسی، هەلآواردن، هەڕەشە منداڵ لێ ئەستاندن)، دەکا کە پیاو بەکاری دەهێنێ، ئەم مێتۆدانە وەها دەکەن کە توانایی کرداری سەربەخۆیانە لە لای هاوسەرەکەی کەم دەکاتەوە.
بازنەی کونترۆلی و دەسەلآت (شکڵی 1،1)

- ترس و خۆف لە دڵخستن: لە ڕێگای مۆڕەکردن و دمووولوتبادان، شت شکاندن و، لەناوبردنی کەرسەی ناوماڵ یان هی ئەو، ئازاردانی بونەوەری ماڵێ و، یان چەقۆ و ئەسلەحە بەدەستەوەگرتن دەترسێنێ.

- بریندارکردنی هەست: دمکوتی دەکا، بە کەمی دادەنێ، بێ ڕێزی پێدەکا، بە چاوی سووک تەمەشای دەکا، ئیراد لە هەموو بیر و بۆچوون، هەلسوکەوت و گوفتولوفتی دەگرێ و، هەموو گووتە و کردەوەیەکی بۆ ڕاست دەکاتەوە، مەتەل و پەندی لێدادەنێتەوە، ناهێڵێ لە پێستی خۆیدا بجووڵێتەوە، بە گشتی وەهای لەگەڵ دەجووڵێتەوە کە هەست بە ناتەواویی تێگەیشتن و بێ دەسەلآتی خۆی بکا، هەستی تاوانباری و ئازاری وێژدانی تێدابخولقێنێ.

- هەلاواردن: کونترۆڵی کارەکانی دەکا. کونترۆڵی دەکا لەگەڵ کێ هاوڕێیەتی دەکا، لەگەڵ کێ قسان دەکا، چ دەخوێنێتەوە، لە کۆیە و لە کۆ نییە، پێش بە چالاکییەکانی دەرەوەی ماڵێ دەگرێ. خۆی دڵپیس نیشاندەدا تاکوو داکۆکی لە کردەوەکانی خۆی بکا.

- تیزپێکردن، بەهین نەگرتنی هەست و بوونی و، شەڕپێفرۆشتن : قەشمەریکردن بە بابەتی لێدان و کووتان. باوەڕنەکردن بە دڵەخوڕپە و نیگەرانییەکانی. حاشاکردن لە ئەوەیکە لێدانێك لە گۆڕێدا هەبووە و، هەیە. تاوان و بەرپرسی هەر ڕوداوێکی توندوتیژانە کە قەوماوە یان دەقەومێ دەخاتە ئەستووی ئەو.

- مندال هێنانە ئارا: وەك کەرەسە کەڵك لە بوونی منداڵ وەردەگرێ تاکوو هەم نیگەرانی و هەم ئازاری وێژدان لای بخولقێنێ، پەیامەکانی بە منداڵەکاندا پێڕادەگەینێ. بە دایکێکی خراوی دادەنێ و، هەرەشەی لێدەکا منداڵی لەبەر دڵی هەڵگرێ.

- دەسەلآتی پیاوانە: وەك کاردار و خزمەتکارێکی ماڵێ چاوی لێدەکا. بڕیارە گرینگەکان خۆی دەیدا، پێدەسەلمێنێ کێ "ئاغا و کوێخایە"، بڕیاردەدا چ شتێك پیاوانە و چ شتێك ژنانە.

- گوشاری ئابوری: بەرگریکردن لەوەیکە شوغلێکی هەبێ یان شوغلێك وەدەست بخا، ناچارکردن بە چاولەدەستبوون و، تەمەناکردن، لێپرسینەوە و لێئەستاندنەوەی برە پارەیەك کە دەیداتێ. ئاگادارنەکردنی لە باری ئابوری ماڵێ، لەبەردەستدانەنانی پووڵ و پارە.

-هەرەشەکردن و بەچۆکداهێنان: هەرەشەی ئەوەی لێدەکا کە کە بەلآیکی بەسەر بهێنێ، هەرەشەی لێدەکا کە بەجێی بهێڵێ، هەرەشەی لێدەکا گەر بێتوو لای دامودەزگای دەوڵەتی شکایەتی لێبکا و، یان ئەگەر ئەو شکایەتەی کە لێکردوویەتی وەرینەگرێتەوە، خۆی دەکوژێ. ناچاری بە کاری نایاسایی دەکا.

هەرچەند زۆر لە پیاوان خۆیان پێیان ئاوایە، کاتێك لێدەدەن، کونترۆڵی خۆیان لەسەر خۆیان نییە و، هیچ مەبەستێك لە کردەوەکەیاندا نییە (ڕەفتارەکە دەتوانێ خۆکار بێ)، بەلآم بە هەڵکەوت دەقەومێ کە لێدانێك گرێنەدرێتەوە بەم مەبەستەی کە لێدەر هەبووە. بۆ وێنە کەسێك بەر لەوەیکە بکووتێتە سەر هاوسەرەکەی بیگرێ و لێدا، ناو و ناوتۆرەی لێدەنێ، قەحبە و بێ ناموسی پێدەڵێ. کەوایە ئەمە شێوەی ئەوە کە لە ڕێگا جنێودان و سووکایەتی پێکردن (تەنانەت ئەگەر ئاوش بیر نەکاتەوە کە "هەوەل دەیکەمە شتێك، دوایی لێدەم")، دەیکاتە کەرەسە، پاشان ئیزن بە خۆی دەدا کەرەسەکەی، نەك هاوسەرەکەی وەربەر لێدان بدا. ئەم نەخش و نیگارە دەتوانێ بە هۆی ڕابردوو و، مۆدێلی کولتوری ئەو وەهای ڕیشە تێدا کووتابێ کە بە سروشتی دووهەمی خۆی دابنێ.
ئەم مۆدێلانەی کە لێدەر بە کار دەهێنێ، ڕەنگدانەوەی ئەو مۆدێلانن کە لە لایەن زۆر گروپ یان تاکەکەسی تر لە دەسەلآتدا بکار دەهێندرێ. هەر کام لەم مۆدێلانەی کە "بازنەی کونترۆڵ و دەسەلآتی"، پێکهێناوە، کردەوە و هەڵسوکەوتێکی تایبەتییە کە لە لایەن کەسانێك ئەنجامدەدرێ کە خەڵکانی تر لە ژێر چۆکی خۆیان دادەنێن. ئەم مێتۆدانە هەمان مێتۆدن کە لە لایەن کەسانی ڕاسیست، دژە یەهودی و، ئەوانەی بەچاوی سووکەوە دەڕوانە بەساڵداچوان، پەککەوتوان و فەقیر و هەژاران و، ئەوانەی هێترۆسێکسۆئێلی لە بەرامبەر هوموسیکسوئێلیدا بەرز دەنرخێنن و، زۆر فۆرمی تر لە تاقمەگەری بەکار دەهێندرێ. پیاو ئەم باوەڕ و ڕەفتارەی هەم لە ڕێگای مێتۆدەکانی بنەماڵەی خۆی و، هەم لە ڕێگای ئەزمونە کولتورییەکان کە پیاوان فێری زاڵبوون دەکا، فێردەبێ.
ئەو پیاوانەی کە لە ژنەکانیان دەدەن و، ئەوانەی کە نێوبژیان دەکەن و دەیانەوێ یارمەتییان بدەن، هەر وەك ئەوەیە کێشرابێنە نێو کولتورێك کە پشتیوانی لە پێوەندی دەسەلآتداری دەکا. کولتوری پەسەندکراوی ڕەفتاری دەسەلآتداری ڕیشەی لە باوەر بەم شێوە پێوەندییەدا هەیە، کە لەسەر جیاوازییەکان ساخبووتەوە، تاقمێك مافی ماقووڵی و یاساییەیان پێدراوە کە سەروەری ئەوانی تر بن.

سپیپێستەكانی باشووری ئەرمریكا، بانگەوازەی ئەوەیان كرد كە جیاوازی ڕەگەزی پلانی خودایە و، بەبۆنەی ئەم "كەمتر پێشكەوتوانە" (بلێین ڕەشپێستان) بە ئەنجام گەیشتووە و، لە بەرژەوەندی خودی ئەوان واتا ڕەشپێستەكاندا. ئەمریكییەكانی ئوروپی لە ماوەی ئەم پێنجسەدساڵەی دەسەلآتیاندا لە ڕێگای ئەنیستیتۆكانی خۆیانەوە سەروەری ئەمریكییە ڕەسەنەكانیان كردووە. كاتێك ئەرتەش سەرنەكەوت كە بە تەواوی بەچۆكیان دابهێنێ، بەم مەبەستە یارمەتی لە كلیسای وەرگرت و، لەم دواییانەشدا بە یارمەتی دەزگاكانی خزمەتگوزاری كۆمەلآیەتی دەیهەوێ بیانتۆنێتەوە. هەروەك ئەوەی كە ئینسان لە ڕێگای بە "ئوروپی" كردنی ئەم خەڵكە ڕەسەنە نرخیان بەرزبكاتەوەی، تاكوو ئەوەیكە بە چاوی سووك تەمشایان بكا.

دەسەلآتداران كەڵك لە دامودەزگاكانی كۆمەلآیەتی وەردەگرن بۆ ئەوەی مافی یاسایی بە سیستەمی پێوەندییەكانی زاڵبوون ودەسەلآتی خۆیان بدەن و سەروەری خۆیان بپارێزن و بەهێزی بكەن، زۆر خۆماندوو دەكەن تاكوو بە گشتی جەماوەر سیستەمی هێراشكی وەك سیستەمێكی سروشتی و ئاسایی پەسەند بكەن و، بزانن ئەوانەی كە لە خوارەوەن بە هۆی كەموكوڕییەكانی خۆیانەوە كەوتوونتە ئەم شوێنە.

سەبارەت بە جوراوجۆری و جیاوازی هەستیارێكی گشتی هەیە. جیاوازییەكانی نێوان ئینسانان نرخی لەسەر دادەندرێ و، نەك ئەوەیكە ڕێزی لێ بگیرێ و وەك هۆیەك بۆ سەروەر بوون كەڵكی لێوەردەگیرێ. كاتێك هەلسوكەوتی دەسەلآت دەبێتە نۆڕم بۆ كۆمەڵگا، هەموو تاكەكەسێك بەكۆمەلآیەتی دەكرێ و، ئەو كات یان لە نێو ئەم نرخاندنەدا دەبەسترێنەوە و، یان لە قەراخ كۆمەڵگادا دەمێنەوە. هەڵسوكەوتی تاكەكەسی هەر كەسێك ڕەنگدانەوەیكی جوراوجۆرە لە گرێدانەوەی ئەم كەسە بە جیهان و نەتەوەكەی.

زۆربەی ئەو پیاوانەی كە لێدەرن لە ڕێگای كۆمەڵگاوە ئیزنی ڕەوای سەروەرییان وەرگرتووە. ئەوان ئاوا تێدەگەن ئەم ڕەوابوونە واقعییەتێكی تەواوە، زۆر بە توندی باوەڕیان بەم درووشمانە كە (كەسێك دەبێ بەرپرس بێ)، (دوو كوێخا لە دێیەكدا ناگوونجێ)، (ئەگەر بێتوو ئەمن كونترۆڵی منداڵەكەم، ژنەكەم نەكەم، ئەو كۆنترۆڵم دەكا)، یان (ئەوە منداڵی منە، ئەمە ئەركی منە كە كۆنترۆڵ بكەم) هەیە.

ئەم تێگەیشتنانە هەم ژن و هەم پیاو لەم كۆمەڵگادا دەگرێتەوە و، بناخەیان لەسەر جەڕباندنی سیستەمێك داندراوە كە ئەو سیستەمە بە هەموو توانای خۆیەوە كاری بۆ دەكا. بەلآم هەردیسان هەموو پیاوێك لە ژن نادا، هەرچەند كە هەموویان لە كۆمەڵگایەكدا پەروەردەبوون ودەبن كە ئەم كۆمەڵگایە لە باری جنسی (نێرینە) نرخێكی تایبەتییان پێدەدا. هەموو بابودایكێك منداڵیان سەزای جەستەیی نادەن، هەرچەند لەم وەلآتە لە باری یاساییەوە ئەم مافەیان پێدراوە. هەروەها هەموو سپیپێستێك تاوانی ڕاسیستی ناكا، هەرچەند هەموویان لە ڕێگای پەروەردەوە هەستیاركراونەتەوە كە سپیپێستان سەروەری ڕەشپێستانن. لە كۆتاییدا دەبێ بگووترێ، هەركەس بەرپرسیاری هەڵبژاردنی خۆیەتی.

ئەو پیاوەی كە دەستیلێدانی هەیە زۆربەی جاران پێشینە دەگەرێتەوە سەردەمی منداڵی، كە دەستدرێژیان پێكردووە و، پیاوێكی وەها بووتە سەرمەشقی كە هەڵسوكەوتێكی دوژمنانەی لەگەڵ ژن، ئێتنیك و، چین وتوێژی جیاوازدا هەبووە و، لە منداڵیدا میحیبەتی پێنەكراوە و چاویان لەسەری نەبووە. ئەمە تەواو ڕوون و ئاشكرایە، كە زۆر لە ئەو پیاوانەی كە ئێمە كاریان لەگەڵ دەكەین پێویستە خۆیان بتوانن ڕێگای مداواكردنی ئەو دەستدرێژییە جنسییە و جەستەیە كە لە سەردەمی منداڵیدا لێیانكراوە و بەسەریان هاتووە، ببینێتەوە. ئێمە ناتوانین ئەم ئازار و برینانە لەبەرچاو نەگرین. دەكرێ ئەم چەشنە ئەزموونە تاكەكەسیانە بە هاسانی شیبكرێتەوە كە بۆ پیاوێك لێدەدا و، ببێتە بیانوویەك بۆ ئەو كە لە توندوتیژی خۆیدا بەردەوام بمێنێتەوە.

ئەم پیاوانە دەبێ دان بەمە دابهێنن كە ئەم چەشنە خۆوڕەفتارەی كە ئێستێ هەیانە هەلسووكەوتێكی وێرانكەرە و، دەبێ قەبووڵی بكەن كە خۆیان لەم كارانەیاندا بەرپرسن. ئەوان بەرپرسی هیچ كام لەم فاكتەرە كارتێكەرییانە نین كە شكڵی بە شێوەی بیر و باوەری ئەوان داوە. هەرچەندكە پیاوان وەك ژنان قوربانی هەلاواردنی جنسی نین، بەلآم دەكرێ بگووترێ پیاو لە ڕێگای پەروەردەوە ئاوا بێڕەحمی لێدەرهاتووە كە لە ژن بدا.

هەموو پیاوەلێدەرەكان وەك یەك نین. تاقمێك نەخۆشی دەروونیان هەیە، تاقمێك بەم چەشنە هەڵسووكەوتانە تووشی هیچ ئازاریەكی ویژدانی نابن، تاقمێك هیچ هاندەری ئەخلاقییان بۆ بگۆڕینی خۆیان نییە و، پێیانوایە بە گۆڕینی بارودۆخەكە نابەختەوەر دەبن. زۆریش بە ڕاستی لەسەر ڕەفتاری خۆیان كاریان كردووە. تاقمێك پیاوی لیدەر هەیە كە بە مشورەوە ناڕوانێتە ئاكامی كردەوەكانی خۆی و، زۆربەی جاران نەك هەر قەبووڵی ناكا بەڵكوو تەنانەت خۆی وەك قوربانییەك دەبینێ. ئەم لێكدانەوەیە دەتوانی تەنانەت لای تاكەكەس و گرووپی تریش كە بە توندوتیژییەوە دەسەلاتداری دەكەن ئاوا خۆی نیشانبدا. ئەم بە هەڵە تێگەیشتنە زۆرجار لە لایەن ئەو كارانەی كە پۆلیس، حاكم، ڕاوێژكاری كۆمەلآیەتی، قەشە، مامۆستا، تێرێپیست، ڕۆژنامەوان و، نوێنەرانی بنكەكانی كۆمەلآیەتی دەیكەن بەهێزدەكرێ.

پیاوانی لێدەر توانایی ئەوەیان هەیە کە کەسایەتی خۆیان بگۆڕن، گەر بێتوو ئەو مەرجانەی کە پێویستە بەرچاوی بگرن و پێبگەن. زۆرێك لە ئەوان ئاڵوگۆڕیان بەسەر خۆیاندا هێناوە. بەر لە هەموو شتێك دەبێ، پیاوی لێدەر لە بەرامبەر ئەخلاقە توندوتیژییەکەی خۆی هەست بە بەرپرسیارێتی بکا و، هەروەها ئەرکی کۆمەڵگایە کە ئاگاداری ئەو نەهامەتییانەی بکاتەوە کە لە سوێنگەی بەردەوامبوونی لە توندووتیژیدا داوێنی خۆی و دەورووبەری دەگرێتەوە.

کۆمەڵگا دەبێ دەورووبەر لە توندوتیژی ئەو بپارێزێ نەك قسەیان پێبلێ و، ڕێز لەم ژن و منداڵە بگێرێ کە لەم پرۆسەی گۆڕانکارییەکەدا هەن. لە کۆتاییدا ئەو دەبێ خۆی داخوازانە بیهەوێ ئەم پروسە دوورودرێژە تێپەڕێنێ، پرۆسەیەك کە بە ڕەقی و توندی خۆی تێدا هەڵسەنگێنێ و، لە ئاست ئەو ژنەی کە زیانی پێگەیاندووە هەست بە بەرپرسیارێتی بکا.

**پرسی جنسی**

لەم مۆدێلەدا بۆ ئاماژە پێکردن بە لێدەر وشەی "پیاوان" و، بۆ ئاماژە پێکردن بە لێدراو وشەی "ژنان" بەکار دەهێنین. هەروەها لەم نامیلکەیەدا شیکردنەوەمان لەسەر هوموسێکسوئێلی ژنان و، یان پیاوان نەکردووە. لێرەدا کە ئێمە زاراەوی تایبەتی جنسی واتا ژنان و پیاوان بەکاردەهێنین، تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە مۆدێلەکە مەبەستی ئەوەیە، ئەوە تەنیا پیاون کە لێدەرن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە پرسی لێدان پرسێکی بێ لایەنی جنسی نییە.

ئەم توندوتیژییانەی کە لە چوارچێوەی پێوەندی نزیکی هێترۆسێکسوئێلیدا ڕوویدەدا، زۆربەی زۆری هەڵمەتکەرەکان پیاون و قوربانییەکان ژنن. ڕاپۆڕتەکانی پولیس لە بەشی فریاڕەسی خەستەخانەکان و، هەروەها ڕاپۆرتەکانی بنکەی ڕاوێژکاری بنەماڵە بۆ دادگەکان، لەم پرسیارانەدا کە چ کەسێك توندوتیژییەکەی دەستپێکردووە، چ کەسێك زیاتر زیانی جەستەیی وێکەوتووە و، چ کەسێك لە سوێنگەی لێدان و توندوتیژی داوای پارێزگاری دەکا، تەواو ئاماژە بە جیاوازییەکی جنسی زۆر دەکەن،.

بۆ وێنە، "تی" دەڵێی: - جاری وەها هەبووە کە بەڕاستی ویستوومە ئەو (ژنەکەم) وەخۆی بخەم تاکوو لێمبدا یان، بەسەرمدا بقیژێنێ، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا هەست بکەم حەقی خۆیەتی کە لێبدەم و، ئاوا نیشانبدەم ئەوە ئەو بوو هەوەڵ دەستیپێکرد بۆیە منیش لێم دا.

توندوتیژی لە بنەماڵەدا ڕاستەوخۆ گرێدراوی باری جڤاکی بنەماڵە و پەروەردەیە. پیاوان ئامادەی ڕۆڵی خۆیانن وەك سەرداری ماڵێ، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگای فیزیکیش بێ دەبێ ئەم "ماف"ە بسەلمێنن و ڕۆڵی خۆیان بە ئەنجام بگەینن. پیاوان بۆ بالای دەستی و ژنان بۆ ژێردەستی پەروەردەکراون.

ئەمانە بەم مانایە نین کە ژن قەت توندوتیژی بەکار ناهێنێ. کەسێك کە وەبەر شەقان دەدرێ یان تێدەکوترێ یان تفی لێدەکرێ یان بوختانی پێدەکرێ یان وەتاخ بە وەتاخ ڕاکێش ڕاکێش دەکرێ و، بە ئەرزێ دادەدرێ شتێکی زۆر ئاساییە کە بە شێوەیەك لە داکۆکی کردن وەڵامی ئەم حەرەکاتانە دەداتەوە. ژنان بە شەق هاویشتن، چنچورك لێدان و، گەستن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەنەوە کە لێیان دەدەن. ئەم وەڵامدانانەوە نابێتە لێدان و کوتانێکی دوو لایەنە.

لێدان و کوتانی دوو لایەنە ئەمەیە کە هەر دووك لایەن شێوەی جۆراوجۆر لە لێدان و کونترۆڵ، قین و توڕەیی یان ڕەفتارێك لە توندوتیژی بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی بیر و هەست و کرداری لایەنەکەی تر کونترۆڵ بکا، ئەو توندوتیژییە کە ژنان بکاری دەهێنن لە بەرامبەر لایەنەکەیان واتا پیاوەکانیان، وەك داکۆکی لە خۆ کردن یان وەڵامی لێدانەکە چاوی لێدەکرێ و زۆر بە هەڵکەوت ڕوودەدا، بەڵام دەتوانێ زۆر مەترسیداربێ. لە ماوەی ئەم دەساڵەدا The Duluth Abuse Intervention Project (DAIP) " لەگەڵ نزیکە 100 ژنی لێدەر کاری کردووە کە ئەو ژنانە هێرشی فیزیکییان بردووتە سەر هاوسەرەکانیان (3.5 لەسەدی ئەم ڕوداوانە پاڵپشتکراوەنە بۆ (DAIP)). هەوت پیاوی ئەم ڕووداوانە نەیانتوانیوە خۆیان لە بارودۆخەکە ڕزگار بکەن، توندوتیژی هاوسەرەکانیان هەر زیادی کردووە. ئەم هەوت پیاوە هەروەك هەزاران ژن لای ماڵی ئەمنی ژنان داوای یارمەتی و پشتیوانیان کردووە، تەواویان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە گوشاریان لەسەر بووە و ئەشکەنجە کراون. ئەوانیش هەروەك زۆر لە ژنان پێویستییان بە پاراستنی یاسایی، ماڵ و حاڵی ئەمن و، یارمەتی و پشتیوانێکی زۆری ڕووحی هەبووە.

ئەو شتەی کە ئەو هەوت پیاوە لێدراوەی لە90 پیاوە لێدراوەکانی تر جیا کردووتەوە ترس و ناتوانی ئەوانە، ئەوان توانایی ئەوەیان نەبووە کە خۆیان دەربازبکەن و، هەروەها ئەشکەنجەرگەرەکانیان بەردەوام توندوتیژی و هەڕەشەی خۆی لەسەر زیادکردوون.

زۆربەی ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ ژنانی توندوتیژ و لێدەر دەژین، کاتێك ژنانەکانیان هێرشیان بۆ هێناون، بە دەستکردنەوە وەڵامیان داوەتەوە و، یان ئەوەیکە کۆتاییان بە پێوەندییەکە هێناوە.

لە پێوەندی هەڵسەنگاندنی توندووتیژی پیاو دژ بە ژن و، توندووتیژی ژن دژ بە پیاو، ئەم فاکتۆرانە بۆ وێنە؛ ژمارەی ڕووداوەکان، ڕەق، نەخش و نیگاری توندوتیژییەکەیە بە دژ قوربانی و بە ئەنجام گەیاندنی - ئەم گرفتە گەورە کۆمەلایەتییە لێك جیا دەکاتەوە. ژن زۆر زۆر کەم "توندوتیژی دوای جیابوونەوە" لە خۆی نیشان دەدا، "مافی پاراستنی شارومەند" و "پرۆسەی دادگەی تاوانبار"، کەرەسەیەکی بەکارن بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری پیاوانی قوربانی بپارێزرێن. کاتێك قوربانی دەیهەوێ خۆی لە دەست ئەشکەنجەگەر ڕزگار بکا، ئەو توندوتیژییە کە هەیە لە زیادی دەدا و پڕمەترسی دەبێ. ڕاپۆرتێك کە لە لایەن ماڵی ئەمنی ژنان لە مینێسوتا لە 28 ژانوییەی 1991 بلاوبووتەوە، بەڵگەی کوشتنی 27 ژنی مینێسوتا تێدایە کە لە ساڵی 1990 لە لایەن مێردەکانیانەوە کوژراون. لەم 27 ژنە کوژراوە نیوەیان ویستویانە و، هەوڵیانداوە کۆتایی بەم پێوەندییە بهێنن. لە هەمان ساڵدا هیچ بەڵگەیەك لەبەر دەستان نییە کە نیشانبدا پیاوێك ویستبێ لە ژنەکەی جودا بێتەوە و، لەم سوێنگەیەدا بە دەستی ژنەکەی کوژرابێ.

## دانانی توندووتیژی پیاو بە سووچی ژن

کاتێك ئینسان مێتۆدی بازنەی کۆنترۆڵ و دەسەلآت بەکار دەهێنێ، ئەم دەرئەنجامەی لێوەردەگرێ کە پیاو دەیهەوێ دەسەلآتی بە سەر جەستە، سێکس، هەست و بیر و باوەری ژندا هەبێ. ژنێك کە جار لەگەڵ جار لێدەدرێ، لە باری نەفسی و ڕوحی تووشی کۆستێکی جیدی دەرونی دەبێ و، هەروەها کاتێکیش لە بەرامبەر ئەم هێرشانە بە ڕوونی و ئاشکرایی کردەوە نیشاندەدا یان دەستدەکاتەوە، ئەو کاتە هەم لە لایەن پیاوە لێدەرەکە و هەم لە لایەن ئەو سیستەمەی کە لەتەك بیر و بۆچوونی پیاوەکە هاودەنگە بە چاوی سووك تەمەشای دەکردرێ. پیاوەکەوە ژنەی بە ئاگری بن کا، سەڵیتە، سوکوچروك، شێتۆکە، خراپە، دایکێکی خراپ، بێحەیا، دز و درۆزن، تووڕە و دژەپیاو، ناوزڕ دەکا. لە لایەن کۆمەڵگاوە وەك کەسێك کە؛ تاوانبار خۆیەتی، وەك شاییدێکی نەخوازیار، وەك یەك لە دوو لایەنە بەرپرسیارەکان، وەك ژنێکی قەتیس ماو لە حاڵوهەوای مانگی هەنگوێندا، وەك ژنێکی باوەر بەخۆ نەبوو کە لە گەمەی بێدەسەلآتیدا ئازار دەبینێ، وەك ئاڵکولیستێك، وەك کەسێك بێحەیا، قەڵسوتووڕە و نارازی و، وەك ژنێك کە ئاخاوکوێخای خۆیەتی لە قەڵەم دەدرێ.
سیستەمی هیراشکی لەسەر ئەم باوەڕەیە کە بوونی کەسێك یان گروپێك لە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە سەر ئەو کەموکۆڕییەی کە خودی ئەم کەسە یان تاقمە هەیەتی. پیاو ڕێگا و شوێن بۆ ژن دەستنیشان دەکا و کۆمەڵگاش پشتی دەگرێ. ژنی لێدراو بێجگە لەوەیکە بووتە قوربانی، بە دوایدا حوکمی ئەوەشی لەسەر دەدرێ کە خۆی ناتەواوە و کەموکوڕی هەیە، بۆیە ئاوای لێدەکرێ. ئەو لە لێکۆڵینەوە بە دوای لێکۆڵینەوە لەتەك ژنانی"لێنەدراو" بەراورد کراوە و جیاوازی نێوانیان وەك هۆی گرفتی ئەو دەسنیشانکراوە. ئەم پرسیارە کە بۆ ئەو ژنە لێدەدرێ، وەلآمی خۆی لە ئەو تیۆرییانە وەرگرتووە کە لە لایەن پڕۆفیسۆر و، ئاکادێمیکەران پێشکەش دەکرێن و، ئەم تیۆرییانە جێی گومانن و هەروەك سکالآی ئازاردەرانی ڕووحی ژنان واتا پیاوانی لێدەر دەچن. بە گوێرەی تیۆرییەکان؛ ئەو ژنەی لێدراوە هێندێك ناتەواوە و خو و ڕەفتاری تایبەتییە و، هەڵسوکەوتی بە چەشنێکی ڕاست و درووست نییە. لە ڕێگای ئەم تیۆرییانەوە پیاوەکە پاڵپشتی خۆی وەردەگرێ و دانی پێدادەندرێ و، دیسان ژنە دەبێتەوە قوربانی. پیاوەکە زیاتر دەبێتە نەخۆشێك کە خوازیاری هاوکارییە، ژنەش زیاتر دەبێتە گرفت.
ژنانی لێدراو، هەروەك ژنانی لێنەدراو ڕابردووی جیاوازیان هەیە و، بە شێوەی جۆراوجۆر کردەوە نیشان دەدەن. تاقمێك لە ڕادەبەدەر مێهرەبان و بە میحیبەتن، ئەوانی تر ئاوا نین. تاقمێك بە درێژایی تەمەنیان دمیان لە ئاڵکۆڵ نەداوە، تاقمێك یەکجار زۆر دەخوێنەوە. تاقمێك قەت بێوەفا نەبوون و خەیانەتیان نەکردووە و، تاقمێك خەیانەتیان کردووە. بەلآم بە هەڵکەوت کەسێك دەتوانێ تێکەلآوی ئەم پرسیارەی بێ و بە لایەوە ڕوون و ئاشکرا نەبێ، کە تەواوی ئەو پێوەندییانە چۆنن. سیستەمی کومەڵگای ئێمە و، ئەوانەی ئێمە کە داکۆکیکەری ئەم پرسەن بەدوای وەلآمی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێن: ئایا ژنی لێدراو قوربانێکی بێ تاوانە و، یان خۆی کارێکی کردووەتاکوو بووتە بە قوربانی؟ وەلآمی پرسیارەکە لەمە دایە کە ئێمە خۆمان چۆن لایەنی پیاوەکە وەك تاوانبار و، لایەنی ژنەکە وەك قوربانی دەگرین.
مۆدلی "دالات" وەك نێوبژیکەر و، گروپی چالاکی بۆپیاوان بناخەی کارەکەمان لەسەر ئەمە داناوە کە ئێمە هەموومان _ پیاوان، سەرپەرشتی گروپەکان و، ئەوکەسانەی کە کاری دادگە دەکەن _ کە بتوانین لەم بیر و باوەرە و هەڵسوکەوتە دوور ببینەوە کە تێدا تاوان لەسەر شانی قوربانی دابنێن.

## پیاوە لێدەر بە گشتی چ بیردەکاتەوە

ئەو پیاوەلێدەرانەی کە بەشداری 26 حەوتوو خولی ڕاهێنان دەکەن، یارمەتی دەدرێن تاکوو ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیاندا بهێنن و، بتوانن بە جێگای ڕەچاوکردنی هەڵسوکەوتی "بازنەی کونترۆڵ و دەسەڵات" کە ئاکامەکەی تەنیا پێوەندییەکی بالادەستی و ژێردەستی و، وێرانکەرانەی لێدەکەوێتەوە، دەست بە ڕەچاوکردنی مێتۆدی بازنەی یەکسانی واتا "بێ توندوتیژی" بکەن. مێتۆدی بازنەی یەکسانی بناخەی لە سەر بەرپاکردنی پێوەندییەکی یەکسان داڕێژراوە.

**بێ توندوتیژی "بازنەی یەکسانی"**

- ڕەوشتی بێ هەڕەشە؛ بۆ ئەوەی لایەنەکەت هەست بە ئەمنییەت و کارامەیی بکا و، بتوانێ خۆی قسە و کارەکانی بکا، دەبێ دەبێ قسە و کردەوەکانت بە شێوە و ڕەوشتێکی بێ هەڕەشانە بێ.
- ڕێز و ئیحترام؛ بێ ئەوەی هەراسانی بکەی و بیشکێنیوە گوێ لێ ڕابگرە. بە هاودەمی و هاودەردی کردن و، تێگەیشتن پاڵپشتی بکە. ڕێز لە بیر و بۆچوونەکانی بگرە.
- باوەڕپێکردن و پشتیوانیکردن؛ پشتیوانی لە مەبەست و ئامانجەکانی ژیانی بکە. ڕێز و حورمەت لەو مافانە بگرە کە ئەو لە ئاست هەست، هاوڕیی، چالاکی، بیرو و بۆچون هەیەتی.
- ڕاستگوویی و، هەستی بەرپرسیاریەتی؛ پەسەندی بەرپرسیاریەتی خۆت بکە. دان بەمە دابهێنێ پێشتر هەڵسوکەوتێکی توندوتیژانەت هەبووە. دان بەمە دابهێنێ ڕەفتارێکی تەواو هەڵەت هەبووە. بە دڵێکی ئاوەڵە و، بێ فێڵوفەرەج ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکا.
- هەستی بەرپرسیاری بابێتی؛ لە ئەرکی دایکوبابێتیدا بەشداری بکە. ببە بە سەرمەشقێکی ئەرێنی بۆ منداڵەکان، کە توندوتیژی بەکار ناهێنێ.
- بەشداری ئەرکەکان ؛ سەبارەت بە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکان و، بڕیاردان لەسەر تەواوی بابەتەکانی بنەماڵە دەبێ بەیەکگەیشتنێکی دادپەروەرانەی دوولایەنە هەبێ.
- بەشداری ئابوری؛ بڕیارە ئابوورییەکان بەیەکەوە بدرێ. ئەم دڵنیاییە هەبێ کە هەردوو لایەن ئیزنی کەلك وەرگرتن لە ئابووری بنەماڵەیان هەیە.
- بەڕێوەبردنی دادپەروەری؛ ڕێگا چارەی گرفتەکان بە شێوەیەك بدۆزرێتەوە کە هەر دوو لایەن پەسەندی بکەن. گورانکارییەکان پەسەند بکرێ. پێکهاتنەکان لەسەر مەیل و ویستەوە بێ.

پیاوانی لێدەر تەنانەت گەر بێتوو لێدان و کوتانی فیزیکیش وەلابنێن، دەبێ بزانن هەم دیسان پرۆسەیەکی دوورودرێژی تریان لەبەرە، ئەویش ئەوەیە دەبێ خو و ڕەوشتی تری بازنەی کونترۆڵ ودەسەلاتیش وەلابنێنن. ئەگەر پیاوێکی لێدەر خۆی ئەم ئەنگیزەی نەبێ کە دەستبەرداری دۆخی دەسەڵاتی خۆی بێ، لە کۆتاییدا هەرچەند بەشداری خولی پرۆژەی وەلانانی توندوتیژیشدابێ، هەردەگەڕێتەوە سەر هەرەشەوتوندوتیژی تاکوو کونترۆڵی بەدەستەوە بێ. گۆڕانکارییەکی بەردەوام بۆ پێکهێنان و بەڕێوەبردنی پێوەندییەکی ڕاستەقینەی یەکسان، پێویستی بەمە هەیە کە ئینسان ڕاستگویانە لە ناخەوە ڕیشەی بیرو بۆچوونەکانی خۆی هەڵکەنێ و، خۆی بڕیاربدا ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی تر چارەسەر بکا و بەتەواوی بەلایەوە روون و ئاشکرابێ کە بۆ بە ئاواتە ژنێکی لە ژیانیدا هەبێ.
بۆ ئەوەی بەشدارانی خولی پرۆژەی وەلانانی توندوتیژی بتوانن ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییە تێپەڕێنن، داوایان لێدەکرێ ئەو شتانەی کە فێری دەبن بە کاری بهێنن، بە هیوای ئەوەیکە ئەم هەڵسوکەوت و دەرفەتەی تازە بتوانێ بۆیان ببێتە نۆرمێکی بەردەوام. لە تەواوی خاڵەکانی بۆچوونی پرۆسەکە و، خولی ڕاهێنانەکەدا ئەمە لەبەرچاوگیراوە کە بە ئەنگیزەییەکی ئاقلآنە و گونجاو ئۆلگوی توندوتیژی وەك فۆرمێك لە پێوەندییەکی نادرووست بخرێتە ژێرپرسیارەوە.
شێوەی بیرکردنەو و دنیای تێگەیشتنی پیاو لە بیروبۆچوونەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. لە ماوەی ئەم 26 حەتوویەی خولی ڕاهێنانەکەدا تاوتوییەکی زۆر لە تێگەیشتن و باوەڕی جۆراوجۆر دەردەکەوێ. چەندین ڕاهێنانی لەم خولە فێربوونەدا سازکراوە کە دەتوانێ یارمەتی پیاوان بدا کە، لە ڕێگاییەکی ئەقلآنییەوە بەسەر باوەڕ و بۆچوونەکانیاندا بچنەوە.

**ئایا توندوتیژی پیاو پرسێکی بایولۆژییە؟**

لە نێو خەڵك، کولتوری خەڵکی و، لێکۆڵێنەراندا دەگووترێ؛ ژن و پیاو لە ئاست بایولۆژییەوە جیاوازن و، ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژێن و هۆرمونەکان لەسەر کردارمان بڕیاربدەن. بۆ وێنە لەم ڕۆژانەدا لە لایەن Tomas Erikssonتوماس ئێریکسۆن پزیشکی دادی دەرونی، وتارێك لە ڕۆژنامەی "دێ ئێن"دا بلآوکراوە. مەبەستی ئەو لەم وتارەدا ئەوەیە کە بسەلمێنێ، ویست و لاربوونەوەی پیاوان بۆ لای توندوتیژی بە تەواوی ماناوە لە ڕێگای

مکانیزمی بایولۆژییەوە بە جنس و ڕەگەزی پیاوانە گرێدراوە و، ئەم گرێدانە هەموو کلتورێك لە هەموو دەور و زەمانێکدا دەگرێتەوە. "ئێریکسۆن" بۆ سەرچاوەی بۆچوونکەی خۆی کەڵکی لە لێکۆڵینەوەیەك وەرگرتووە کە لەسەر خەستایی تێستۆستێرۆن لای پیاوان کراوەوە و، کراوەتە یاسا بۆ تاوانی توندوتیژی. لە کاتێکدا باس لەسەر 4پرۆمیلە لای هەموو پیاوێك. دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی تر دژی ئەمە نیشاندەدن.

لە لایەن بایۆلۆژان Ann Fausto-Sterling ،Ruth Hubbard و، تیۆریسێنی زانست Donna Harraway پێداچوونەوە و لێکدانەوە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی جیاوازی بایۆلۆژی جنسی کراوە، ئەوان بەمە گەیشتوون ئەو دەرئەنجامانەی کە لەم لێکۆڵینەوانەدا لەبەردەستانن یەکتر ناگرنەوە، تاکوو نیشانبدرێ ئایا جیاوازی بایۆلۆژی جنسی هەیە یان نییە. ئەم بەشانە لە لێکۆڵینەوەکاندا کە تێدا ئاماژە بە جیاوازی جنسی دەکرێ نرخی ئەوەی پێدەدرێ کە ڕابگەیێندرێ و، زۆر گەورە دەکرێنەوە، بەڵام ئەو بەشانە کە باس لە وێکچوونەکان دەکا زۆر بە هەڵکەوت دەخسترێتە بەچاوان. ئەم پرسیارە بناخەییە کە ئایا بە چ شتێك دەگووترێ بایولۆژییەکی بێخەش، وەڵامدانەوە تەقریبەن نامومکینە واتا بێ وەڵامە. ئێمە ناتوانین منداڵێك یان چەند منداڵێك لە ساتی لە دایکبوونەوە لە پەراوێزدابنێین و، لە تەواوی کارگەرییەکانی کۆمەڵگا دووریان بخەینەوە تاکوو بتوانن بڕیارێکی تەواو و قایم بۆ ئەم پرسیارە بدەینەوە.

لەم بەشەشدا "ئێریکسۆن" تەواو ڕاست ناکا کاتێك دەڵێ؛ توندوتیژی پیاوان لە هەموو زەمان و هەموو کلتورێکیدا هەبووە. توندوو تیژی بە پێی مێژوو گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و، هەروەها لە کلتور تاکوو کلتور جیاوازی هەیە. لێکۆڵینەوەییەکی خەڵکشوناسی لەسەر 90 خەڵکی جیاواز کراوە و، ناوی کۆمەڵگای سەرەتایی لەسەر داندراوە، لەم لێکۆڵینەوەدا جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەم خەڵکەدا هاتووتە بەرچاو، لە 16 دانە لەم کۆمەڵگایانەدا هیچ توندوتیژییەك لەئاست ژن وەدینەکراوە Levinsson1989)).

لە سەلماندنی ئەوەیکە توندوتیژی هیچ پێشدراشتنێکی بایولۆژی نییە و لە کونترۆڵی هۆرمۆەکاندا نییە، زۆر بەڵگەی بەهێز هەیە. هەر بەم چەشنەش بەڵگە لەسەر ئەمە هەیە کە ژنێتی و پیاوێتی لە کات و کلتوری جۆراوجۆردا جیاوازی هەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە جنسییەتی کۆمەڵایەتی لە جنسییەتی بایۆلۆژی سرنجڕاکێشتر بێ (Arhenius1998, Björk1996,Widberg2000).

ئەگەر ئێمە لە ئاست مێژووییەوە چ لە نێو کۆمەڵگای سوئێدی خۆماندا و، چ لە نێو کۆمەڵگای تردا بەراوردێك بکەین، دەبینین ئەو چاوەڕوانییانەی ئێمە لە ژنان و پیاوان لە جێل و گرووپی جیاوازدا هەمان بووە و هەمانە چەندە جۆراوجۆرە. ئەم دوو جنسە وەك دەستکردێکی مێژوویی، کلتوریی و کۆمەڵایەتی سەقامنەگرتتوە نیشاندەدرێ. ئەم تێگەیشتنەساڵی 1949 لە لایەن فەیلەسۆفی فەرانسی "سیمۆن دۆبڤوار" گووتراوە؛ کەس وەك ژن لە دایك نابێ، بەڵکوو دەبێت بە ژن. هەروەها کەس وەك پیاو لەدایك نابێ، بەڵکوو دەبێت بە پیاو. بوون بە ژن یان بوون بە پیاو، هیچ "بوون"ێك نییە کە ئەم و ئەولای تێدا نەبێ. زۆر لە لێکۆڵێنەران لە ڕێگای تێگەیشتن و کەلك وەرگرتن لە زاراوەی ئینگلیسی "ژێندەر" یان زاراوەی ئیتالیایی"ێنوس" هەوڵدەدەن تیشك بخەنە سەر جنسی کۆمەڵایەتی و لەبەرچاوی بگرن (Gothlin1999).

Sandra Harding تیۆریسێنی زانست دەڵێ؛ دەبێ لە زۆر ئاستانەوە لێکۆڵینەوە لەسەر جنس و پێوەندییەکانی نێوان ژنێتی و پیاوێتی بکردرێ. ئەوەی کە زۆر جار خەڵکی تر هەر وەك پێکهاتەیەك دەیبینن، ئەو هەروەها ئاستێکی سەمبولی و هێماییشی تێدا دەبینێ. بە گوێرەی قسەی "هاردینگ"، پێکهاتەی جنسی لە فۆڕمی جۆراوجۆری نێو بارودۆخی هێراشکیدا بەدیاردەکەوێ. بەڵگەی گرینگ کاتێك دەدرەوشێتەوە کە لە کۆی زیاتر ژن و پیاو بوونیان هەیە، چی دەکەن و چۆن خۆماندووکردنەکانیان لە کاری ماڵێ و سیاسەتدا و، لە ئاستی ئێشق و سێکسدا هەڵدەسەنگێندرێ و نرخی لەسەر دادەندرێ. سیمبۆلییەکانی جنسی ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە بۆ وێنە لە ڕێگای دین، یاسا و ڕیسا، زانست و، شێوەکانی تری کلتوری وەك فیلم، موزیك و پرۆپاگەندا خۆی دەدردەخا و ئەم پەیامە دەگەینێ کە ژنێتی و پیاوێتی دەبێ چی بێ و چی نەبێ. سێومێن خاڵی بۆچوونی "هاردینگ" جنسی تاکەکەسییە و، مەبەستی تاکەکەسە لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن لە پێوەندی هاوکاری لەگەڵ ئەوانی ترە کە لە ڕێگای پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و لە ژێر کارتێکەری پەیامی سێمبۆلییەکان سەردەگرێ: ئێمە بەیەکەوە بەردەوام جنس "دەخولقێنین". ئێمە هەموومان لە خولقاندنی ژنێتی و پیاوێتیدا بەشدارین. جنس یەك چالاکییە (Butler1990).

نموونەیەکی زۆر گشتی خوڵقاندنی جنس بە شێوەیەکی چالاك و بەکار، لە لێکۆڵینەوەکانی سایکۆلۆژیدا نیشاندەدرێ کە ئێمە چۆن بێ هەستیار بە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لەگەڵ منداڵی ساوش هەڵسوکەوت دەکەین. ئێمە لە ڕێگای ڕەنگی جلوبەرگی منداڵەکان هۆی گریانەکانیان لێکدەدێنەوە، ساوایك کە جلوبەرگی شینی لەبەردایە و دەگری بە نیشانەی تووڕەیی و بێزاری دادەنێین؛ کوڕەکە شتێکی دەوێ و. کاتێك ساوایك بە جلوبەرگی پەمەیی دەگری ئاوای تێدەگەن کە ئەوە غەمبارە و حەوجێی بە لاواندنەوە هەیە (Ann Fausto-Sterling 1992). کاتێك ئینسان بە باشی نازانێ کەسێك هی کام جنسە و، لەسەر جنسی کەسەکە گومانی هەیە، هەر بەم شێوەش بە گومانەوەهەڵسوکەوتی

لەگەڵ دەکا، هەر ئەمە دەتوانێ گرینگی کاتێگۆری جنسمان بۆ وەدەربخا. جنس تەنیا بۆخودی کەسەکە گرینگ نییە، بۆ ئەوانی تریش گرینگە. جنس بەردەوام ئامادەیە، هەرچەند  زۆر جار بە شێوەییەکی ئاسایی و "بێ لایەن"ە و، ئێمە لە ئاستی ناهەستیارین. ئێمە زۆر جار بۆ یەکەم جار کاتێك هەست بە هێزی پێکهاتەکانی جنسی دەکەین، کە سنووره نەریتییەکان و دەستکردەکانی نێوان ژنان و پیاوان یەکتر دەبەزێنن. بۆ وێنە توندوتیژی لەسەر یەك ژن هەستێکی تر وەخەبەردێنێ تاکوو توندوتیژی لەسەر پیاوێك.

## سایکۆلۆژی تاکەکەس

مۆدێلی سایکۆلۆژی تاکەکەس زۆرجار سەرچاوەی توندوتیژی لە کەسایەتی ئەندامانی بنەماڵەدا دەبینێ.
تاقمێك لێکۆڵێنەر لە لێکۆڵینەوەکانیاندا تیشکیان خستووتە سەر پیاوی لێدەر. لە سوئێد Johan Cullberg "یوهان کولبەری" بەناوباگتریانە، ئەو دەڵێی؛ ئەوە پیاوەی کە لێدەره هەستی بڕوا بەخۆبوونی نەزمە، لە ڕۆڵی پیاوەتی خۆی بەگومانە و، حەوجێمەندی ژنکەیەتی. ئەم چەشنە پیاوانە هەر ئەوەندە وەها هەست بکەن کە پیاوەتیان لە مەترسیدایە و، ڕۆڵی کۆنترۆڵ کردنیان لە دەست دەێتەدەر هەڵدەچن. دڵپیسی کردن، جولآنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و، هەروەها خوێندنەوەی جیاوازی ژنان و پیاوان سەبارەت بە سێکسوالیتە بەڵگەکانی ترن بۆ هەڵکووتان بۆ سەر توندووتیژی. ئاشکرایە بوونی ئەم چەشنە هەستانە ناکۆکی زۆرتر دەکا. هەرچەند ماوەتەوە شیبکرێتەوە کە بۆ، کاردانەوەکانی توندوتیژی و دەستدرێژی ئاوا تایبەتمەندی جنسی پێدراوە. کەوایە دەبێ بە هەمان شێوە هەست و ئەزمونەنەکانی بێدەسەلآتی لە لای ژنانیش بە ئاسایی توندوتیژی خولقاندبایە، بەلآم وەك دەبینین ئەم کردەوەیە لای ئەوان زۆر بە هەڵکەوت وەدیدەکرێ. ئێمە لە کاتێکدا بەردەوام دەبینین پیاوێتی بە دەسەلآتداری، مافی بڕیاردان و، هەر نەبێ دەربڕینی قەڵس و تورەیی گرێدەدرێتەوە، بەلآم هیچ نابینین کە ڕێسا و دابی باوی کەلتوری مافێکی ئاوا بۆ دەسەلآتداری و جێی باوەڕبوون بە ژنان بدا، لە ئاست مێردەکانیاندا. هەرنەبێ دەبوایە ژنان ئەم مافەیان هەبایە کە بتوانن تووڕەبن و لە ڕێگای تورەیی توندوتیژی خۆیان دەرببڕن. ئێمە کاتێك کچێك یان ژنێك دەبینین کە توندوتیژی بەکاردەهێنێ واق دەمێنینەوە، لە کاتێکدا هەمان هەستمان بۆ هەمان هەڵسوکەوت لە لای کوڕ یان پیاو نییە.
هەروەها لە لێکۆڵینەوەی تاکەکەسیدا بە دوای ئەمەدا گەڕاون کە توانایی کەسیی لای ئەو ژنانە کە پیاو دەستدرێژیان لێدەکا شیبکەنەوە. لە تێزی دوکترای Bo Bergman "بوو بەریمەن (ساڵی1987)""-Battered Wives Why are they beaten and why dothey stay? “ باس لەمەکراوە، ژنانی لێدراو بۆ لێیان دەدرێ؟ و، بۆ دەمێنەوە؟ بەریمەن" گووتەیەتی؛  ژنان لە سوێنگەی ئەوەیکە کارامەییەکی نەزم یان بەرزیان هەبووە بوونەتە هۆی خرۆشاندنی توندوتیژێکە. لە زانستی تاوان شوناسیدا وتەیەکی ڕەگ داکووتاو هەیە“blaming the victim” واتا قوربانی تاوانبارە، ئەم وتەیە لە ئاست پێوەندی جنسیدا گرینگێکی تایبەتی پێدەدرێ. ئێمە دەتوانین لە بەرامبەریدا پریسارێکی ئاوا بهێنینە ئاراوە: لە پێوەندی لەتەك کام تاوانی تردا، ئینسان لە لای قوربانی لە هۆی سەرەکی تاوانەکە دەگەڕێ؟ هەروەها پێیان وایە لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی ژنەش دەتوانن بەمە بگەن کە بۆ ئەو پیاوە دڕ و توندوتیژەی بەجێ نەهێشتووە. هێندێك دەڵێن جیاوازی سەرەکی نێوان ئەو ژنانەی کە لێیان دەدرێ و، ئەو ژنانەی کە لێیان نادرێ دەتوانێ لە بەرزی و نەزمی، باوەربەخۆبوون دابێ. بەلآم بۆچوونێکی تر دەڵێی دەتوانین ئاوای ببینین کە؛ نەزمی هەستی باوەربەخۆبوون لە کاریگەری ئەو توندوتیژییەی کە چێشتوویانە سەرچاوەی گرتووە. لەوانەیە پێشتر لای ئەو ژنانە هەستی ڕێزلەخۆگرتن زۆر بەهێز بووبێ و، هەروەها بە دوای دابڕانیان لە پێوەندی دڕ و توندوتیژانە، هەستی خۆیان وەدەست بهێنەوە. ئەو ژنانەی کە پێوندیان لەگەڵ پیاوە دڕ و لێدەرکانیان دا نەماوە، زۆربەی زۆریان لە پێوەندی تازەدا پیاوی دڕ و توندوتیژیان هەڵنەبژاردووتەوە. هەروەها ئەو پیاوانەی کە لە پێوەندی پێشوودا ویست و مەیلی توندوتیژیان تێدابووە، لە پێوەندی تازەشدا هەروا لە هەڵسوکەوتی پێشوویاندا ماونەتەوە (Elisson 1997). ماڵی ئەمنی سویدی وەك سێنتەری یەکێتی ژنانیش هەر بەم دەرئەنجامە گەیشتووە.
تێزێکی تر سەبارەت بە توندوتیژی هەیە کە ماڵێ وەك شۆێنی فێربوونی ئەم خو و ڕەویشتە دادنێ. Barbro Lenneer- Axelson "باربرو لێنێر ئاکسێلسۆن "، ئەمەی وەك بابەتێکی لێکۆڵینەوەی خۆێ هەڵبژاردەوە. "ئاکسێلسۆن" دەڵێی؛ ئەم میراتە کۆمەلآیەتییە بەرە بە بەرە دەڕوا. وێڕای ئەوەیکە زۆربەی جاران چەندین شێوە لە توندوتیژی هەر لە هەمان بنەماڵەدا هەیە. ئەو پیاوانەی کە لە ژنی خۆیان دەدەن، زۆرجار لە منداڵەکانیشیان دەدەن. ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان لێیان دەدەن، لە بەراوردکردن لەتەك ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان لێیان نادا، زۆربەیان لە منداڵەکانیان دەدەن. هەروەها دڕی و توندوتیژی لە نێو مندالآنی بنەماڵەی دڕ و توندوتیژدا زیاتر لە

منداڵانی تر وەدیدەکرێ، تاکوو منداڵانی بنەماڵەی بێ توندوتیژی. ئەمە بەم مانایەیە کە توندوتیژی وەك مێتۆد بۆ دەسەڵات، دەسەڵاتداری و، کونترۆڵ دەتوانێ پەروەدەبدرێ و دووپات بکرێتەوە. هەرچەند ئەمە ناتوانێ هەموو پێوەندییە توندوتیژییەکان شیبکاتەوە. هەموو پیاوێکی لێدەر لە منداڵێدا لێی نەدراوە و، هەموو ئەو پیاوانەی کە بە منداڵی لێاندراوە، لە گەورەساڵیدا هەڵسوکەوتی دڕانەیان نییە. لە هەمان کاتدا ئەم تێزە ئەوەش ناڵێی کە پیاوان سەروەری و دەسەڵاتی دڕانەیان لە بەرامبەر هاوسەر و منداڵەکانیاندا نییە، بەتایبەت ژنان.
لە پێکهاتەیەکی پەیوەستیدا فێربوون دیاردەکەوێ. چندین ئنیستیتۆی کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتی کاتیان لەسەر ئەمە داناوە کە لایەنی دەستدرێژ و هێرشبەر دەستنیشان بکەن و پیاوەکە لە ئاست هەڵسوکەوتە توندوتیژییەکەی خۆی بە بەرپرسیاردانێن. ئەوان لە نێوان ، ئایین، یاسا، لێزانانی پزیشکی و سایکۆلۆژی - و نەریتی جۆراوجۆر لە نرخاندنی تازەی پرۆسەی بەرەوپێشچووونی پرسی پیاوێتی و ژنێتیدا هاوکارێکی ئاڵۆز و لێکدراو دەبینن.
توندوتیژێکی تر هەیە، کە لە ماسمێدیا واتا ڕاگەیاندنەکانی ئێمەدا ڕەنگدانەوە؛ توندوتیژی پیاوان لە بەرامبەر پیاوانی تر. هەروەها نووسەر یان دەهێنەرانی فیلم کە نەخش و ڕۆڵێکی تریان هەیە ئەوان سەروەری و توندوتیژی ژنان لەسەر پیاوان نیشاندەدن، کە سرنجی زۆر پیاوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و، بووتە بابەتی باوی تاوتوو.

**سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی**

بە گشتی ڕاونگە سایکۆکۆمەڵایەتی تیشکی خستووتە سەر پێوەندی هاوکاری نێوان ژن و پیاوەوە و، هەروەها ڕوانگەی جۆراوجۆری لەسەر سایکۆلۆژی تاکەکەسی هەیە. توندوتیژی زۆر جار وەك ئاخرین ڕێگا چارە دەبیندرێ، کاتێك کە ڕێگاکانی تری پەیام گەیاندن دەپسێ. توندوتیژی لە پێوەندییەیکدا هەیە، بەڵام ناتوانرێ لە خودی پێوەندییەکەدا ڕوونکرێتەوە. ئەم چەشنە مۆدێلانە ترسی ئەوەیان لێدەکرێ لێنەپرسینەوە بۆ پیاوان و، بەرپرسیارێتی بۆ ژنان بخولقێنن. هەرچەنەد ژنە گۆڕانکاری بە سەر ڕویشت و ڕەفتاری خۆێدا بهێنێ ناتوانێ کۆتایی بەم دڕی و، توندوتیژییە بهێنێ کە پیاوەکە تێدا سەقامگرتوو بووە. تەواو بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەێکە ژنە چی گووتووە، چی کردووە یان نەکردووە دەبێ پیاوەکە یان کەسێکی ترئەم مافەی هەبێ کە بە توندوتیژی هەڵسوکەتی لەتەك بکا. بەپێچەوانە دەتوانێ ئاوابێ، کاتێك پیاوەکە هەڵسوکەوتە توندوتیژییەکەی خۆی وەك گرفتێك ببینێ و، بیهەوێ بارودۆخی خۆی بگۆڕێ دەبێ دەرفەتی پێبدرێ گۆڕانکاری بەسەر خۆوڕەفتاری خۆیدا بهێنێ (Dobash1997 Dobash &).
Margareta Hyden "مارگارێتا هیدێن"، لێکۆڵێنەرێکی چالاکی ڕوانگەی سایکۆلۆژی کومەڵایەتییە. ئەو مەبەستی ئەمەیە کە سێهەمین ڕوانگە پەرەپێبدرێ و دەڵێی کە؛ کرداری توندوتیژی دەبێت بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی. "پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵگایە". دیارە ئەمە تاکەکەس دەگرێتە، بەڵام گرینگێکی هەیە ئەویش ئەوەیە لە بابەتێکی تاکەکەسی یان کەسی دەترازێ. توندوتیژی لە ڕێگای هێندێك کەلتورەوە ئیزنی پێدەدرێ و، لە چوارچێوەی ڕێسادا تایبەتمەندی خۆی پێدەدرێ. بۆوێنە ڕێسای کەلتورێك بڕیاردەدا؛ کە پیاوان وەك جنس سەروەری ژنانن و مافیان هەیە گوشار بخەنە سەر ژنان. "هیدێن"، سوورە لەسەر ئەمە کە توندوتیژی وەك ناوکی گرفتی پێوەندێ و، پیاو بە بەرپرسی توندوتیژی دادەنێ.

**- بۆ ناڕوا؟**
**- ئایا ژنە قوربانێ یان بەشدارێکی چالاکە؟**

لەوانەیە ئەم پرسیارە: - بۆ ژن لە پێوەندێکدا کە مەترسی هێنەرە یان تێدا تووشی هەڕەشە توندوتیژی دەبێ دەمێنێتەوە؟، زۆر کەس لە خۆی بکا. لێکۆڵێنەران بە پێی ئەم ڕوانگانەوە، مابێنێ قەڵسبوونەکە و ئەو هۆیەی کە قەڵسییەکە دەهێنێ، هەروەها جیاوازی کەسایەتی و، پێکهاتەکان شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ ئەم پرسیارە هەیە. بەڵام لە نێو تەواویی ئەم لێکدانەوانەدا خاڵێکی هاوبوش دەبیندرێ ئەویش ئەوەیە ژن لەم پێوەندییەدا وەك "یەخسیرکراو" وایە. زۆر جار ئاوا بیردەکرێتە بێتوو ژنە دوایی بە پێوەندییەکە بهێنێ، کۆتایی بە توندوتیژییەکەش دەهێندرێ. هێنانە ئارای پرسیارێکی ئاوا کە _ بۆ ژنە دەمێنێتەوە؟، _ دوور کەوتنەوە لە خودی گرفتەکەیە واتا توندوتیژییەکە و، هەروەها سەرزەنیشتکردنێکی ژێرزوانییە لەو کەسەی کە تووشی توندوتیژی بووە: ئەم پرسیارە ئەم مانایە دەگەینێ ژنێك کە لە لای پیاوی لێدەر دمێنێتەوە و دەژێ، ئینسانێکی تەواو نییە.
زۆر ژن هەن بۆیان چەتوونە خۆیان لە پێوەندی لێدان و کۆتان ڕزگاربکەن. بۆ دەورووبەر وەك پۆلیس، بنکەی کۆمەڵایەتی، نەخۆشەوانی و ئەوانی تر تێگەیشتنی چەتوونە کە چۆن کەسێك دەتوانێ لە پێوەندییەکدا بمێنێتەوە کە لە سەر توندوتیژی و دەستدرێژی تر ساخ بووتەوە. ئەو هۆیانەی کە بۆ، ژنە لە پێوەندییەکی ئاوادا دەمێنێتەوە دەکرێ بەگشتی بگووترێ لە کەس تا کەس زۆرن و جۆراوجۆرن. یەکێك لە هۆیەکان کە تاقمێك لە ژنەکان لە

لێکۆڵینەوەی جیاوازدا باسیان کردووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینییە کە دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ ئەمنییەتی خۆیان و منداڵیان وەدی ناکەن، دەترسن بەجێهێشتن دەرەندەیی و توندوتیژێکی زۆرتری لێبکەوێتەوە.
لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە ئەم ترس و نیگەرانییانە واقعین: کاتێ ژنە پیاوەکەی بەجێدەهێڵێ یان ئەوەیکە پیاوە پێوایە ژنە بەتەمایە بەجێیبهێڵێ، مەترسی ئەوەی ژنە تووشی زیانی جیددی بێ و، هەڕەشەی کوشتنی لێبکرێ زیاتر دەبێ. بۆوێنە لەوانەیەپیاوە لە هەوەڵەوە هەڕەشەی ئەوەی لێکردبێ، گەربێتوو بەجێیبهێڵێی بیکوژێ. هەربۆیە ژنەش خەیاڵی لێدەنیشێ و پێیوایە؛ تاکوو ئەو کاتەی بە لایەوە دانیشم و لەبەرچاوی بم نامکوژێ _ وەك شتێك تاڕادەیەك پیاوەی لەژێر چاوەدێریدا دابێ. گەر بێتوو بڕوا ئەو خەیاڵەی نامێنێ و، هەست بە ترس ونیگەرانێکی زیاتر دەکا. نیگەرانی و باوەڕ بە هەڕەشەی پیاوە، لە خودی توندوتیژییەکە ناخۆشترە.

**چەند نموونەی تر لەم هۆیانەی کە دەبنە لەمپەر بۆ ئەوەی ژنە ناتوانێ پیاوەکەی بەجێبهێڵێ:**

- ژنە لە باری ئابوورییەوە بە پیاوەکە بەستراوەتەوە و، چاولەدەستێتی.
- ژنە بۆی چەتوونە ماڵ و حاڵی خۆی پێکبهێنێ.
- ژنە بە هۆی بیرو باوەڕی ئایینی یان هەڵسەنگاندنەکانی کەلتوری دەیهەوێ بە هەر قیمەتێکی بێ بنەماڵەکەی لە ژێر میچێکدا لێك کۆبکاتەوە.
- ژنە لەبەر منداڵەکانی بە لایەوە گرینگە وەك بنەماڵە بژی.
- ژنە و پیاوە هەردووك ماف و ئەرکی دایکوبابێتیان بەسەر منداڵیاندا هەیە.
- نائارامی و دڵەڕاوکی نەفسی ژنەی لە ئاست ئازادی کردار لە کار خستووە.
- ژنە وەها بیردەکاتەوە کە پیاوەکە بێ ئەو ناتوانێ ژیانی خۆی بەسەر بەرێ (بۆوێنە، بە هۆی نەخۆشی یان گیرۆدەیی).
- ژنە بە هۆی نەخۆشی یان کەمئەندامی حەوجێمەندی پیاوەکەیە.
- تاکوو ئێستەش ژنە هەر پیاوەی خۆش دەوێ و، بە هیوایە لێدان و کۆتان و، توندوتیژی کۆتایی پێبێ.
- ژنە لە لایەن کەسوکارەوە پشتیوانی لێناکرێ و، دنیایەکی ڕوون نابینێ.

**ژنێك باسی خۆی دەکا کە چۆن بیری دەکاتەوە؛ ئایا بمێنێتەوە یان بەجێیبهێڵێ؟**

- زۆرم پێخۆشە باوەڕبکەم باشتر دەبێ... و، بەتایبەت کاتێك ئەو خۆشی دەیهەوێ و تەواوی وەخت دەڵێ باشتر دەبێ، دیارە ئینسان باوەڕ دەکا... بەڵام هیچ باشتر نابێ. ئەمە سەیرە، هەرچەند ماوەی ژنومێردایەتێکە زیاتر بێ، ئینسان چەتوونی زیاتری چێشتووە و، زیاتر تێکدەچێ و خەمێ دەخوا، هەروەها چەتوونتردەبێ کە بڕوا. هەر وەك ئەمە وایە ئینسان کاتی بە فیڕۆچووبێ... جیا بوونەوە درووست بەم مانایەیە کە دان بەمە دابهێنی بەڕاستی کۆڵێك وەختت لە کیس چووە... ئەوە بەم مانایە نییە کە من بیرم لە جیابوونەوە نەکردبێ... من لە مێژساڵە ئەم فکرەم کردووتەوە. درووست دوای ئەوەی کە گوێم نەدا بە قەوڵ وقەرار و، پەژیوانییەکانی سەبارەت بە باشبوونی... بەڵام ئەی منداڵەکان. ئەوان دەبێ بابێکیان هەبێ، هەمیشە بەلای منەوە گرینگ بووە کە بابیان لێی نەئەستێنم... من خۆم کاتێك زۆر منداڵبووم بابم مرد. دوایی بیرم لەمە کردەوە کە زۆر تەنیا دەمێنمەوە... هەموو کەس مێرد و ماڵی هەیە. دوایی ئاوام فکر کردەوە لە هەر حاڵەتێکدا بێ من هەر ئارەزووی دەکەم. وەك خۆت دەزانی زور شت هەیە کە وادەکا ئینسان باوەڕی پێبکا... چونکوو ئینسان دەیهەوێ هیوایەکی هەبێ بۆیە دەهێڵێ ئەو ئەم هیوایانەت پێبدا... ئەی خوا گیان، خۆت دەبینی، بە ڕاستی ئەمە چ تێکەڵپێکەڵێکە؟
بەڵام زۆر ژن هەیە کە دەڕۆن...
ئێستێکەش لە نووسراوەکاندا سیمای ئەو ژنە بێ دەرەتانە و، قوربانییە کە لای زاڵمەکەی دەمێنێتەوە بە ڕوونی نیشانئنادرێ، بۆ نموونە لەم دوایانەدا پرسیاری سەبارەت بە ژنە بۆ لای زاڵم ماوەتەوە، ئاوا لێکدەدرێتەوە کە ئەوە ژنە خۆی هەڵبژاردووە بمێنێتەوە.
پرسیاری " بۆ ناڕوا؟" ئەم ڕاستییە کە زۆر ژن هەیە دەڕوا، دەشارێتەوە. هەمیشە بە یەکەم لێدان ناڕۆن بەڵام، دەرەنگ یان زوو بەجێدەهێڵن. "هێدێن" ئەمەی بە چەمکی پرۆسەی دوایی پێهێنان ناودەبا. پرۆسەی دوایی پێهێنان، زەمان و کاتی پێویستە و، و هەستێکە بۆ ڕووبەڕووبوونە لە بەرامبەر ڕوشتی توندوتیژانەی پیاو. "هێدێن" ئاماژە بە چەند بەڵگان دەکا کە یارمەتی بە ژنە دەدەن بۆ دوایی پێهێنان: کاتێك ژنە هیچ هیوایێکی بە هاوسەرێتییەکە نامێنێ - ئەو دەم دەڕوا؛ کاتێك ئاواتی ژیانێکی نۆی تێدا سەرهەڵدەدا - ئەو دەم دەڕوا.
ژنێك دەگێڕێتەوە:

- ئاوا نییە کە بیرم لە هاوسەرێتییەکەمان نەکردبێتەوە، بەڵام من هیوایەکم نەماوە کە ئەم باش بێ. لە ڕاستیدا من ناچارم دەستهەڵگرم، هەرچەند دەیتوانی شتێکی زۆر باشتر بێ. من یەکجارزۆرم بە ئاواتم تەواوی ئەم گرێ و گرفتەی وێرا "کارل ماگنۆس" بەجێبهێڵم. بۆ دنیای دەرەوە، بۆ دەرێ، بۆ واقعییەت. من ئەم بەندیخانەیە، ئەم فشار و قورساییە، کە تەنیا ئینسان پێی قوم دەبێ، نامەوێ. بۆ دەرێ، ماڵ و حاڵی خۆم، خەڵکی ببینم، ئەوەێکە پێم خۆشە بیکەم. دۆست و هاوڕێ خۆم هەبێ، بە شەوانە ئازادبم، شتێکی ئاوا. ژیانێکی تازە دەستپێبکەم و بزانم ژیانی دەرەوەی ئەم ژیانە، چییە.
"هێدێن" دەڵێی، ئەمە زۆر گرینگە کە بزاندرێ ئەو ژنەی کە تووشی توندوتیژی بووە لە کوێ پرۆسەی دوایی پێهێنان دایە. ژنێك کە هەموو کارێك دەکا بۆ ئەوەی توندوتیژییەکە بشارێتەوە، تەنیا کاتێك داوای یارمەتی دەکا کە برین و زیانە هەنووکێکانی بشارێتەوە بێ ئەوەی باس بکا چی بەسەرهاتووە، بە بۆچوونێکی زۆر لەسەرەتا پرۆسەکە دایە. بەپێچەوانە کاتێك ژنە هەراسی لێ هەڵدەگیرێ و بەو پەری تووڕەیی بڕیاری خۆی دەردەبڕێ کە پیاوەکە بەجێبهێڵێ، بە ئیحتمالێکی زۆر لە کۆتایی پرۆسەی دوایی پێهێنان دایە.

## یارمەتی بۆ پیاوان

- لەسەر توندووتیژی پرسیاری لێ بکە!
لێکۆڵێنەران Holzorth-Munroe,Stuart"هالزۆرس - مانرۆ و، ستورت دەڵێن؛ ئەم هەوڵانەی کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی خو و ڕەفتاری توندوتیژی لەگەڵ ئەو پیاوانە دەدرێ، دەبێ لەتەك پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان بگونجێ. لەم پێوەندییەدا چارەسەری یەك ڕاستەیە ناتوانێ کاریگەرییەکی زۆر بەردەوامی هەبێ، بێ بۆوێنە؛ تەنیا زاڵبوون بە سەر توندوتوورەیی یان تەرکی ئالکۆڵ و مادەی سڕکەر یارمەتێکی ئەوتۆیان لەسەر گۆڕانی خوڵقوخۆی ئەو پیاوانەی کە هەڵسوکەوتی جیدی توندوتیژانەیان هەیە، ناتوانێ هەبێ.
یارمەتیدەر یان ڕاوێژکار بۆ ئەوەی بتوانێ یارمەتی پیاوی توندوتیژ بدا، گرینگە شیکردنەوەییەکی ورد لەسەر کەسایەتی لایەنی توندوتیژ ئەنجام بدا و، بەرنامەیەکی گونجاو و تایبەتی بۆ دابڕێژێ و، پێشنیاری پێبکا. هەر بۆیە گرینگە سەبارەت بە توندوتیژی پرسیاری واقیعی لێبکا.
- کاتێك تووڕە دەبی چ قەومێ؟
- ئایا دڕ و توندوتیژ بووی؟
- پڕت دایە؟
- لێدرا؟
دەبێ بۆ پیاوەکە ڕوون بکرێتەوە کە توندوتیژی بە هەموو ئەم کردەوانە دەگووترێ، کەسێك ناچار بکەی کارێك بکا کە نایهەوێ بیکا و، یان کارێکی وەها بکەی کە بیترسێنی. گرینگە پرسیار لە پیاوەکە بکرێ؛ ئایا هەڕەشەی لێ دەکەێ، ئایا شتەکانی لێ فڕێدەدێ، ئایا شتەکانی دەشکێنی و، هتد، چونکوو هەڵسوکەوتی توندوتیژانە ئەم کردەوانەش دەگرێتەوە. هەروەها بەهەمان شێوە بۆ ژنەش گرینگە کە ئینسان چۆنی لەگەڵ دەدیوێ، زۆر پیاو پاڵۆپەستودان و شەقەزلە لێدان بە لێدان دانانێن و، خۆیان بە پیاوێکی لێدەر دانانێن.
بۆ ئەوە بتوانرێ هەڵسوکەوتی پیاوەکە وەك گیر و گرفت دانی پێدابهێندرێ بەکارهێنانی "تیکنیکی هاندان بۆ قسەکردن"، شێوەێکی بەکەلکە. ئەم مێتۆدە بە مەبەستی پاڵنەری ئاڵوگۆڕ لە ئاست بابەتی جۆراوجۆردا بە کار دەهێندرێ. بە کورتی باسەکە سەبارەت بە مەیە چۆن یارمەتی ئەو پیاوە بدرێ کە دەیهەوێ سەروسامان بە ژیانی خۆی بدا. لە وتووێژەکەدا پرسیاری لەم چەشنەی لێبکرێ؛ - ئایا تۆ دەتهەوێ ئاوا بژی؟ - لەو ڕاستەیەی کە خۆت دەتهەوێ دەتوانی چ بکەی بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بە سەر ژیانی خۆت دابهێنی؟

## ئەرکی بنکەی خزمەتگوزاری تەندرووستی لە ئاست ئەم چەشنە پیاوانە

ئەمە شتێکی ئاساییە پیاوی توندوتیژ و لێدەر لە سوێنگەی ئەو هەڵسوکەتەی کە هەیەتی بە ناچاری ڕێگای لە بنکەکانی خزمەتگوزاری تەندرووستی دەکەوێ. بۆوێنە؛ خۆی یان ژنکەی ڕاستەوخۆ لە پێوەندی هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی ئەو دا، بریندار دەبێ یان زیانی پێدەگا و، ناچار دەبێ بۆ لای دوکتور یان بنکەی خزمەتگوزاری تەندروستی بچێ.
زۆر گرینگە کە بنکەی خزمەتگوزاری تەندرووستی لە چاوپێکەوتنەکەی خۆی لەگەڵ پیاوی لێدەر، بیر لە ئەمنییەتی ژنەکە بکاتەوە. بۆ وێنە نابێ ئەو قسانەی کە ژنەکە سەبارەت بە ئازار و لێدانەکە گوتوویەتی لای پیاوەکە

بیدرکێنێ، کە ئەوندەی تر گرفت و مەترسی بۆ ژنەی سازبێ. هەروەها زۆر گرینگە کاتێك دەیانهەوێ لەگەڵ پیاوەکە سەبارەت بە لێدانکەی قسان بکەن بە تەنیا قسەی لەگەڵ بکەن، واتا ژنەکە لە لایان نەبێ.
بۆ ئەوێکە ئەرکی ڕاگرتنی توندوتیژییەکە بکەوێتە سەرشانی پیاوەکە دەبێ، کارمەندانی بنکەی خزمەتگوزاری تەندرووستی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە لێدانەکە گفتوگۆی لەگەڵ بکەن و، بە بەرپرسی سەرەکی توندوتیژییەکەی دابنێن. پیاوانی لێدەر لەم گفتوگۆیەدا بە شێوەی جۆراوجۆر کاردانەوەیان هەیە. لە خراوترین حالەتدا دەتوانێ ئاوای لێ بێ کە گیانی ژنە لە مترسی بکەوێ. نامیلکەکانی ڕێنوێنێ لە ئەمریکا چەند پێشنیاری ستراتژی ڕادەسپێرن کە چۆن لەگەڵ پیاوەکە قسە بکرێ کە بتوانێ خۆی لە بابەتەکەدا ببینێتەوە.
- کاتێك لە لایەن کارمەندانی بنکەی خزمەتگوزاری تەندروستی لەتەك تاوانبار سەبارەت بە توندوتیژی قسە دەکرێ، جەخت لەسەر ئەمە بکرێ کە ئینسان بە خاتری ساخی و سلآمەتی ئەو و، دەرووبەر ئەم کارە ئەنجام دەدا. چونکوو کاتێك لە توندوتیژیدا باسی تاوانبار و قوربانی دەێتە ئاراوە، خۆی لە خۆیدا چوارچێوەی سلآمەتی _ خزمەتگوزاری تەندرووستی دەگرێتەوە.
- کاتێك لەگەڵ پیاوەکە گفتوگۆ دەکرێ کردەوەکەی واتا لێدانەکە لە ئاستی ""تاوان"ەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکرێ. ئەو ڕۆڵەی کە کارمەندەکانی بنکەی خزمەتگوزاری تەندرووستی لەم حالەتەدا هەیانە، تەنیا ئەو خزمەتگوزارییەیە کە نەخۆش پێویستی پێیە و دەبێ پێبدرێ. ئەگەر بێتوو کارمەندەکانی بنکەی خزمەتگوزاری تەندرووستی وەك پۆلیس، دادوەر و، حاکم هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن، لەوانەیە تاوانبار لە بارێکی وەها بکەوێ کە داکۆکی لەخۆی بکا و، لە دەرفرتێکی تر تۆڵە خۆی لە ژنە بکاتەوە.
- بەکار هێنانی وشەی وەك "لێدەری ژن"، "تاوانبار" و، یان وشەی تری لەم بابەتەوە لە گفتوگۆکەدا لەگەڵ پیاوەکە زۆر گونجاو نییە. هەروەها ئەمە دەتوانێ بە هەمان ئەندازە ناگونجاو بێ کە باسی ئەمە بکرێ کە، ئەو لە ژنەی "داوە"، "توندوتیژی" لەگەڵ کردووە. بۆوێنە زۆر باشترە ئینسان کردەوەکە ئاوا لەگەڵی شی بکاتەوە وباسی بکا؛ بە جێگای ئەوێکە بگووترێ "کاتێك لێدا"، بگووترێ "کاتێك نەقورچت تێکووتا".
- ئەو پیاوانە کە توندوتیژی لەگەل هاوسەرەکانیان دەکەن، زیاترباسی ڕەفتاری ژنکەیان دەکەن بۆئەوەی حالەتێکی ماقووڵ بە توندوتیژی خۆیان بدەن. لە حالەتی ئاوادا باشترە تیشك بخسترێتە سەر کردەوەی پیاوەکە و، ئاکامە نەرینییەکانی کردەوەکەی.
بنکەی خزمەتگوزاری تەندرووستی پیاوەکە حەواڵەی ئەو شوێنانە بکا کە لەم پەیوەندییەدا پرۆگرام و بەرنامە تایبەتیان بۆ چاکسازی هەیە.
بنکەی خزمەتگوزاری کۆمەڵآیەتی پیاوەکە زۆر جار مەیلی لەسەرە یارمەتی قەبووڵ بکا و، بارودۆخی خۆی بگۆڕێ کاتێك دەزانی کەس هەیە و، یارمەتی پیاوەکە دەدا. باشترە ژنە و پیاوە هەر هەمان ڕاوێژکاریان نەبێ.

**یارمەتیدان و، هەوڵی مداواکردن**

بنکەی خزمەتگوزاری کۆمەڵآیەتی دەبێ ڕێنموونی پیاوەکە بکا و، زانیاری بداتێ کە مداواکردنی ئەم هەڵسوکەوتە شتێکی نامومکین نییە. زۆری لەو پیاوانەی کە داوای یارمەتی دەکەن مەبەستیان ئەوەیە خو وڕەفتاری خۆیان بگۆڕن و، دەیانهەوێ دەرفەتیان بۆ پێکبهێندرێ تاکوو بتوانن بنەماڵەکەیان بە لایانەوە بمێنێتەوە. زۆر جار کاتێك ژنەکە دەبینێ مێردەکەی دەچێتە پرۆگرامی چاکسازی یان دەچێتە لای ڕاوێژکاری بەم هیوایە لای پیاوە دەمێنێتەوە کە، پیاوە کۆتایی بە ڕەفتارە نالەبارەکەی خۆی بهێنێ. هێندێك پیاو داوای یارمەتی دەکەن بۆ ئەوەی نایانەوە ئەم مەترسییەیان لەسەر بێ کە لە داوڕۆژدا ڕەفتارە توندوتیژییەکایان دووپات بکەنەوە. دەرکەوتووە پیاوان دوای مداواکردن زۆر کەم تووشی هەڵسوکەوتی کۆن بوونەتەوە و، نزیکە نێوەیان هەر لەگەل ژنەکەیان بەیەکەوە دەژین.
زۆری کاتێك پیاوان داوای یارمەتی دەکەن کە دەبینن لە ئاکامی توندوتیژییەکەیان هەرەشە دێتەوە خۆیان و، یان خۆیان تووشی زیان بوون، بۆوێنە کاتێك ژنە هەڕەشەیان لێدەکا بە جێیان بهێڵێ یان بەجێیهێشتوون، کاتێك کەسوکار پێیدەزانن و بە بەرپرسی دادەنێن و، یان کاتێك پای پولیس دێتە مەیدان.
کەسێك کە دواوی یارمەتی و مداوا بۆ ڕزگاربوون لە توندوتیژی دەکا، نابێ ئالودەی مادەی سڕکەر بێ یان نەخۆشی جیدی نەفسی هەبێ، چوون ئەمانە دەبێ لە شوێنی تایبەت بەم گرفتانە مداوا بکرێ. بەلآم دوای تەرکی مادەی سڕکەر و، یان بەدوای مداوا نەفسییەکەدا دەتوانێ داوای یارمەتی بکا. بەڵگاکان نیشاندەدەن کەم پیاو هەیە کە بەشداری ئەم پرۆگرامانەی کردبێ و، دوایی گەڕابێتەوە بۆ سەر ڕویشتی توندوتیژی کۆنی خۆی.

# تێبینی: ئەمە تەنیا کورتەی پرۆژەی The Duluth Abuse Intervention Project (DAIP) "یە. ڕاهێنان و تاوتویەکانی نێو خولی پرۆژەکە وەرنەگێردراوەتەوە.

وەرگێڕان لە سویدییەوە: مەرزە جەوانمەرد

www.peshmergekan.com
2009-04-09